زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی دووەم

# تایبەتمەندی و سیماتەکانی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی

## بەشی 2




مامۆستای بابەت: پ. ی. د. آراز حکیم رضا
araz.radha@su.edu.krd

# تایبەتمەندی و سیماتەکانی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی

## بەشی دووەم





araz.radha@su.edu.krd

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بەشە ئەوەیە قوتابی بتوانێت لە کۆتایی بەشەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بەشێوەیەکی زانستی ورد بداتەوە:

- رێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی کێیە؟
- بنەما رەوشتییەکانی رێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی چیین؟
- تایبەتمەندییەکانی رێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی کامانەن؟
- کارامەییە بنەرەتییەکانی رێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی چیین؟
- پێگەی رێنماییکاری فێرخواز چییە؟
- ئەو لایەنانەی چیین کە پێویستە رێنماییکار لە قوتابخانەدا خۆی لێیان دووربگرێت؟
- پەیوەندی رێنماییکاری پەروەردەیی بە لایەنەکانی تری پیشەکەیەوە چییە؟


araz.radha@su.edu.krd

## تەوەری 1

# پێناسەی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی

**COUNSELOR**



❑ ڕێنماییکار "ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە هاوکاریکردنی ڕێنماییخواز بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی، ڕەفتاری، کۆمەڵایەتی، فێرکاری و ئاکارییەکانی، جا بەڕێگەی تاکی یاخود کۆمەڵی بێت".





araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 2

# بنەما ڕەوشتییەکانی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی



❑ هەموو پیشەیەک پێویستی بە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی هەیە، کە پێویست دەکات کەسی پیشەکار پێوەی پابەندبێت. پیشەی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەییش یەکێکە لەو پیشە هەستیارانەی وا دەکات بەشێوەیەکی ورد و دانایانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش کەسی ڕێنماییکار ناچار بە پابەندبوونی کۆمەڵێک بنەمای ڕەوشتی دەکات کە بریتیین لە:

1. کارکردن و ئەزموون: خزمەتگوزاریی ڕێنماییکردنی دەروونی و پەروەردەیی، خزمەتگوزارییەکی تایبەت و پسپۆڕییە. واتە هیچ کەسێک جگە لە پسپۆڕانی بواری دەروونزانی و ڕێنماییکردنی دەروونی ناتوانن پێی هەستن. هەروەک بۆ ئەوەی کاری ڕێنماییکردنەکە کاریگەر و بەرهەمداربێت، پێویستە کەسێک پێی هەستێت کە خاوەنی ئاستێکی بەرزی زانستی بێ و باگراوندێکی فراوانی لە بوارەکانی دەروونزانی هەبێت، سەرەڕای ئەوەش بە باش دەزانرێت کە ئەزموونی کاری مامۆستایی کردبێت.


araz.radha@su.edu.krd

2. مۆڵەتپێدان: مەبەست لە مۆڵەتپێدان، وەرگرتنی دەرفەت و ڕوخسەتی کارکردن و دانپێدانانە بە بڕوانامە و توانای ڕێنماییکار بەوەی دەتوانێت بەکاری ڕێنماییکردن هەڵبستێت (واتە کەسێکە لە ڕووی زانستی و کارامەییەوە بۆ ئەم مەبەستە شیاو و گونجاوە).

3. بەڵێندان (سوێند): لە گرنگترین پایەکانی بەڵێندان ئەوەیە پانەبدی ڕەچاوکردنی تەواوی ئەخلاقیاتی پیشەکەی بێت.

4. نهێنی پاراستن: بریتییە لە پاراستنی نهێنی و زانیارییەکانی ڕێنماییخواز لەلایەن ڕێنماییکار، هەروەک نابێت هیچ ئاماژە و سەرەداوێکی زانیارییەکان بەدەستەوە بدات، چونکە ئاشکراکردن و درکاندنی نهێنییەکانی ڕێنماییخواز دەبێتە هۆی ڕوخانی پردی پەیوەندی نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز. هەروەها نابێت ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو زانیارانە بدات، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئامانج لێی پاراستنی ژیانی ڕێنماییخوازەکە یان کەسانی تر بێت (وەکو ئەوەی ڕێنماییخواز ئاماژە بەوەکات کە خۆی بکوژێت یان بە کوشتنی کەسێکی تر هەڵدەستێت)، لەم کاتانەدا پێویستە ڕێنماییخواز لایەنی پەیوەندیدار لەم بابەتانە ئاگاداربکاتەوە).



araz.radha@su.edu.krd


# تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی

تەوەری 3

- ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی وەکو کەسێکی خاوەن پیشە، پێویستە کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندی کەسێتی تێدابێت، تا یارمەتی بدات لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت، و بەردەوامی بە کارەکەی بدات، و ببێتە جێ متمانە و ڕەزامەندی کەسانی ڕێنماییخواز بۆ داواکردنی یارمەتی لێیان بە متمانە و دوور لە ترس، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش بریتیین لەماوەی خوارەوە:




araz.radha@su.edu.krd



# یەکەم: تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ڕێنماییکار:

1. متمانەبوون بەوانی تر، بە تواناکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و دەرفەتدان پێیان بۆ بەرەوپێش بردنی تواناکانیان تا ئەپەڕی ئاست.
2. گرنگیدان بەوانی تر و ئارەزووکردن بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری پێیان.
3. قەبوڵکردنی بێ مەرجی ڕێنماییخواز بەچاوپۆشی لە ڕەفتارەکانی.
4. توانای تێگەیشتن لە خۆی و ئەوانی تری هەبێت.
5. متمانەبوونی ڕێنماییکار بە خودی خۆی و ڕێزگرتنی و ڕزگارکردنی خۆی لە دوودڵی و دڵەڕاوکێ.



araz.radha@su.edu.krd

6. نەسەپاندنی بەها تایبەتییەکانی خۆی بەسەر ڕێنماییخواز.

7. جێگیری و هاوسەنگی هەڵچوونی، تێکنەشکان و خێرا هەڵنەچوون کاتی کەوتنە ناو هەڵوێستە لەناکاوەکان.

8. تایبەتمەندییەکانی تری وەکو: (ڕۆشنبیر، بیرفراوان، خۆشەویست و خوازراو، کراوە و ڕووخۆش، ڕاستگۆ و پاک، هەستکردن بە لاوازی و کەمتەرخەمی لە کارەکەی و هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنیان).


9. نەرمکێشی دەروونی ڕێنماییکار و دانان بە بنەمای جیاوازی تاکایەتی نێوان کەسەکان.

10. پێویستە گوێگرێکی باش بێت و بە تەواوی ئاگای لە قسەکانی ڕێنماییخوازبێت کە دەیانکات.





araz.radha@su.edu.krd



## دووەم: تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێنماییکار:

1. بوونی توانایەکی باش لە بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تر (بە تایبەت ڕێنماییخواز).
2. بە توانا لە سەرکردایەتی کردن و ئاراستەکردنی ئەوانی تر و هەماهەنگی لەگەڵیان.
3. تێگەیشتنێکی دروست لە بە هاو پیوەرە کۆمەڵایتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی ڕێنماێیخوازی تێدایە.
4. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی.
5. ئارەزووی کاری خێر و خۆبەخشانە بۆ هاوکاری ئەوانی تر.


araz.radha@su.edu.krd

6. توانای بەستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی بە ئاسانی و گونجان لەگەڵ ئەوانی تر.
7. دیموکراسیانە مامەڵە بکات (واتە ئازادی دەربڕین بە تەواوی بە بەرامبەرەکەی بدات).
8. هاوسۆزی بۆ مرۆڤ و تێگەیشتنێکی قوڵ لە مرۆڤایەتی.
9. گرنگیدان بە ڕووکاری گشتی خۆی بەجۆرێکی شیاو و گونجاو.
10. وەرنەگرتنی هیچ شتێکی ماددی لە ڕێنماییخواز کە بچێتە چوارچێوەی ڕەشوەوە.




araz.radha@su.edu.krd

# سێیەم: تایبەتمەندییە پیشەییەکانی ڕێنماییکار:



1. دڵسۆزی لە کار و ئەنجامدانی بە باشترین شێوە و بێ کەمتەرخەمی.
2. پابەندبوون بە ئەخلاقیاتی پیشەیی و کۆمەڵگە و بەهاکانی.
3. بابەتی بوون و دوورکەوتنەوە لە جیاکاری ڕەگەزی، ئایینی، نەتەوەیی و هیتر.
4. نهێنی پارێز و نەدرکاندنی زانیاری و نهێنییەکانی ڕێنماییخواز.
5. خواستی بەردەوام بۆ پێشکەوتن و تازەگەری لە پیشەکەیدا.
6. مامەڵەی باش و یەکلاکەرەوە بێت لەگەڵ ڕێنماییخواز (واتە بە شێوەیەکی میزاجی مامەڵە لەگەڵ ڕێنماییخواز نەکات).



araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 4

# کارامەییە بنەڕەتییەکانی ڕێنماییکاری دەروونی

- پێویستە ڕێنماییکاری سەرکەوتوو هەڵگری کۆمەڵێک کارامەیي و بنەڕەتی بێت کە وا دەکەن پرۆسەی ڕێنماییکردن سەرکەوتوو بێت و ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، ئەوانیش:

- یەکەم: ئاگایي: واتە گرنگیدان و ئاگایي ڕێنماییکار بۆ ڕەفتار و دەربڕینە زارەکی و نازارەکییەکانی ڕێنماییخواز. ئەم کارامەییە یارمەتی ڕێنماییکار دەدات بەدرێژای دانیشتنەکە تەرکیز بخاتە سەر کەسی ڕێنماییخواز، هەروەک دەرفەت بە ڕێنماییخواز دەدات کە درک بە قەبوڵکردن یان نەکردنی ڕێنماییکار بەرامبەری بکات.
- دووەم: گوێگرتن: ئەمەش ئامرازێکی سەرەکییە کە ڕێنماییکار بۆ تێگەیشتن لە ڕێنماییخواز بەکاری دەهێنێت، وە کارامەییەکی بنچینەییە کە تەواوی کارامەییەکانی تری لەسەر بونیاد دەنرێت، کە ئامانج لێی تێگەیشتنە لە بیرکردنەوەکانی ڕێنماییخواز و هەستەکانی بەرامبەر خۆی و کەسانی تر.


araz.radha@su.edu.krd

- سێیەم: دووبارە دارِشتنەوەی دەستەواژەکان: بەکارهێنانی ئەم کارامەییە لەلایەن ڕێنماییکار، یارمەتی ڕێنماییخواز دەدات کە گوێیستی دەربڕینەکانی خۆی ببێتەوە لەڕێی ڕێنماییکارەکەوە، ئەمەش هانی دەدات کە لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بێت یان بەخۆیدا بچێتەوە و دووبارە دایانڕێژێتەوە.
- چوارەم: پرسیارکردن: ئەمەش کارامەییەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست لە ڕێنماییخوا و هاندانی بۆ گوزارشتکردن لە خۆی (ئەم کارامەییە تەوەری پتەوکردنی چاوپێکەوتن و دانیشتنەکانی ڕێنماییکردنە).
- وەڵامدانەوەی هەستەکانی ڕێنماییخواز: ڕەفتارە نازارەکییەکانی ڕێنماییخواز، دەرخەر و ڕەنگدانەوەیەکی ڕوون و ڕاستگۆیانەی ناوەوەی ڕێنماییخوازە لە ڕووی هەست و هەڵچوونەکانی، بۆیە دەتوانرێت متمانەیان پێ بکرێت زیاتر لە متمانەکردن بە قسەکردن و دەربڕینە زارەکییەکانی.
- کارامەیی پوختەکردن: ئەم کارامەییە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی کێشە و گرفتی نوێ، یان ڕۆیشتن لە بابەتێکەوە بۆ بەبەتێکی تر، یاخود بۆ کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو. ئامانجیش لێی دڵنیابوونی ڕێنماییخوازە لەوەی کەسی ڕێنماییکار گوێگرێکی باشی قسەکانی بووە، هەروەها کۆکردنەوەی هەست و بیرەکانی ڕێنماییخوازە بەجۆرێک کە یارمەتی بدات بۆ دیتنی وێنەی گشتیی کێشەکە بەڕوونی.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 5

# پێگە و ڕۆڵی ڕێنماییکاری فێرخواز

1. هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە دەربارەی کار و پلان و لێژنەکانی فێرخوازان و ڕێنماییکردنیان لە قوتابخانە.
2. هاوکاریکردنی کارگێڕی قوتابخانە سەبارەت بە ڕێکخستنی دۆسیەی فێرخوازان.
3. پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە وەرگرتنی زانیارییەکانی فێرخوازان لە تۆماری گشتیدا.
4. هەستان بە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە تاکییەکان (کەیسە تایبەتەکان)ی پەیوەست بە قوتابی لەماوەی ژیانی خوێندنیدا، وەکو حاڵەتەکانی (دواکەوتن لە خوێندن، دواکەوتنی ژیری، گرفت و شڵەژانە دەروونی و عەقڵییەکان و هیتر).
5. کارکردن بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوان ماڵ و قوتابخانە لە پێناو ئاگاداربوونی دایبابان سەبارەت بە منداڵەکانیان لە قوتابخانە.


araz.radha@su.edu.krd

6. چاودێری فێرخوازانی سەرکەوتوو لە خوێندن و کارکردن بۆ دۆزینەوە و گەشەپێدانی بەهرەکانیان.

7. چادێری فێرخوازانی دواکەوتوو لە خوێندن و کارکردن بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستیان.

8. جێبەجێکردنی پرۆگرام و خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی ئایینی، پەروەردەیی، تەندروستی، ئەکادیمی، پیشەیی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.

9. پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم مامۆستایان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر فێرخوازان و لێکۆڵینەوەی حاڵەتیان و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی ڕینمایی پێیان.

10. هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە بۆ سوود وەرگرتن لە چالاکییەکانی هاوین، لەو ڕوانگەیەوە کە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی پرۆگرامەکانی ئاراستەکردنی فێرخوازان و ڕێنماییکردنیان.

11. ڕاگەیاندنی ڕۆڵ و پێگەکەی لە قوتابخانە و هۆشیارکردنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی قوتابخانە بە ئامانج و کاریگەری بەرنامەکانی ئاراستە و ڕێنماییکردن.



araz.radha@su.edu.krd

12. ئامادەکردنی دەروونی فێرخوازن بۆ تاقیکردنەوەکان و دەستەبەرکردنی کەشێکی ئارام و کەمکردنەوەی توندی دوودڵی و دڵەڕاوکێ و ترس لە تاقیکردنەوەکان.

13. ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی نیوان فێرخوازان لە پێداویستی، توانا، ئارەزوو، ئامادەییەکانیان، بە مەبەستی ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازیانە لەپیناو بەدەستهێنانی گەشەیەکی دروستی فێرخوازان.

14. بەدواداچوونی حاڵەتەکانی دووبارەبوونەوەی نەهاتن و بانگکردنی کەس و کاریان بۆ قوتابخانە، بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی هۆکارەکانی نەهاتن و مەترسییەکانی لەسەر ئاستی خوێندنی فێرخوازان.

15. هەڵسەنگاندنی ئەنجامی کۆبوونەوە خولاوەکانی دایبابان و مامۆستایان و لێژنەی ئاراستە و ڕێنماییکردنی دەروونی و پەروەردەیی و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

6

# ئەو لایەنانەی پێویستە ڕێنماییکار لە قوتابخانە خۆی لێیان دووربگرێت

- کۆمەڵێک ڕەفتار هەن کە پێویستە ڕێنماییکار خۆی لێیان بەدوور بگرێت لە قوتابخانەکاندا، ئەوانیش:
  - دوورکەوتنەوە لە سزادانی جەستەیي و مەعنەوی فێرخوازان.
  - دەوام نەکردن بەشێوەی ناو بە ناو، هەروەها خۆنەخستنە ژێر بەرپرسیارێتی پڕکردنەوەی وانە بەتاڵەکان.
  - ڕێنماییکار نابێت هەوڵی جیاکردنەوەی ئەو کەسانە بدات کە دواکەوتنی خوێندنیان هەیە لە فێرخوازانی ئاسايي.
  - دەست نەخستنە ناو کاری کارگێڕی قوتابخانە، وەکو: (هەستان بە کاری سکرتێری کارگێڕی قوتابخانە، بەدواچوونی حاڵەتەکانی نەهاتن و هیتر).
  - هەڵنەستان بەکاری لێژنە و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە، وەکو: (کۆکردنەوەی پارە و دابەشکردنی هاوکاری و هیتر).


araz.radha@su.edu.krd

# تەوەری 7

# پەیوەندی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە لایەنەکانی تری پیشەکەیەوە

## یەکەم: پەیوەندی ڕێنماییکار بە بەڕێوەبەری قوتابخانە:

- پەیوەندی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە بەڕێوەبەری قوتابخانە، پەیوەندیی کارە، بەجۆرێک هەردوولا بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لە قوتابخانە هەوڵ دەدەن.
- بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە هەوڵ بدات بەستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێنماییکار لەسەر بنەمای ڕێزی دوو لایەنە بێت، ئەمەش بە ئامانجی تێگەیشتن لە کار و پێگەی ڕێنماییکار و هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکاری و پاڵپشتییەک کە بەشداربێت لە سەرکەوتنی و لابردنی سەرجەم بەربەست و ڕێگرییەکانی بەردەم سەرکەوتنی. لە هەمانکاتدا تێگەیشتنی ڕێنماییکار لە سروشتی کاری بەڕێوەبەر و پێگەکەی و دوورکەوتنەوە لە هەر کار و دەستوەردانێک کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکەیان دروست بکات، وەکو: (بڵاونەکردنەوەی نهێنییەکانی بەڕێوەبەر، بەچاودا نەدانەوەی ئەنجامی کارەکانی، هاننەدانی مامۆستایان بەرامبەری و هیتر).


araz.radha@su.edu.krd

## دووەم: پەیوەندی ڕێنماییکار بە مامۆستایان:

- پەیوەندی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە مامۆستایان، پەیوەندیی هاوڕێیەتییە، کە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و هەماهەنگی بونیادنرابێت، ڕێنماییکار هاوکار و چاوڕاستی مامۆستایانە و پێچەوانەکەشی ڕاستە.
- بۆیە لەسەر ڕێنماییکارە بێلایەن بێت و نەبێتە هاوبەشی هەندێک لە مامۆستایان و دژی هەندێکی تریان. لە هەمان کاتدا لەبوونی کێشەی نێوان مامۆستا و فێرخواز نەبێتە پارێزەر (محامی) بۆ بەرگریکردن لە فێرخواز.
- چونکە بوونی پەیوەندییەکی باشی ڕێنماییکار لەگەڵ مامۆستایان، وا دەکات مامۆستایان هاوکاری ڕێنماییکار بن بۆ سەرکەوتن لە کارەکەی لەڕێی پاڵپشتیان بۆی لە جێبەجێکردنی کارەکانی لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی چالاکییەکانی، هەروەها هاندانی فێرخوازان لە پەنابردنیان بۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
- بەپێچەوانەوە، لە بوونی پەیوەندییەکی خراپی ڕێنماییکار لەگەڵ مامۆستایان، وا دەکات گومان و بێ متمانەیی لە نێوانیان دروست بێت و دوور نییە ببنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتن و شێواندنی وێنەی کارەکەی و بچووکردنەوەی و هاندانی فێرخوازان بۆ دوورکەوتنەوە لێی و متمانەنەبوون بە کارەکانی.


araz.radha@su.edu.krd

## سێیەم: پەیوەندی ڕێنماییکار بە فێرخوازان:

- پەیوەندی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە فێرخوازان، پەیوەندییە لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەن و بێ مەرج، وە هاوکاریکردنیان لە گەشەی عەقڵی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ئاکاری و پیشەیی.
- لەسەر ڕێنماییکار پێویستە بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی فێرخوازان و باشکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ژینگەیی خێزانی و کۆمەڵایەتییان.
- هەروەک پەیوەندییەکی پتەو و دروستی فێرخوازان بە ڕێنماییکار، وا دەکات ڕێنماییکارەکە لەپیشەکەیدا سەرکەوتوو بێت، ئەویش لەڕێی تێگەیشتنیان لە سروشتی کارەکەی و ڕوونکردنەوەی بۆ هاوڕێ و هاوپۆلەکانیان، هەروەها پێدانی زانیاری بە ڕێنماییکار لەبارەی فێرخوازەکانی تری هاوڕێیان. سەرەڕای کەمکردنەوەی کێشە و بەرکەوتنی فێرخوازان لەگەڵ مامۆستایان و پاراستنی ئاسایش و هێمنی قوتابخانە، بەمەش بەشدارییەکی ڕاستەقینە لە سەرکەوتنی کاری ڕێنماییکار و پێکانی ئامانجەکانیدا دەکەن.


araz.radha@su.edu.krd

## چوارەم: پەیوەندی ڕێنماییکار بە دایابان و کۆمەڵگە:

- زۆربەی دایکان و باوکان سەردانی قوتابخانە ناکەن تەنها ئەو کاتە نەبێت کە منداڵەکەیان کەمتەرخەم بێت یان ڕووبەڕووی کێشەیەک بووبێتەوە (واتە دوای بانگکردنیان بۆ قوتابخانە)، هەروەک ئەو جۆرە خێزانانە وا تێدەگەن کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی تەنها بۆ چارەسەرکردنی ئەو فێرخوازانە کاردەکات کە گرفتار یان تێکدەرە لە قوتابخانە، بۆیە پێویستە لەسەر ڕێنماییکار کاری لە پێشینەی گۆڕینی ئەو ڕوانینە بێت، دواتر پێویستە لەگەڵ خێزانی فێرخوازەکان پەیوەندییەکی پتە و دروست لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و متمانە بونیاد بنێت.
- هەروەک لەسەر ڕێنماییکار پێویستە کە بانگهێشت نامە ئاراستەی کەس و کاری فێرخوازان بکات بۆ سەردانیکردنیان بۆ قوتابخانە و ناساندنیان بە بەڕێوەبەر و ستافی کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان. هەروەها لە نزیکەوە ئاگاداری و بەرچاو ڕوونیان سەبارەت بە نەوەکانیان هەبێت و لەگەڵ قوتابخانە لە بونیادنانی داهاتووی نەوەکانیان بەشداربن.


araz.radha@su.edu.krd

# پێکەوە

## گفتوگۆیەکی کراوە و بونیادنەر



araz.radha@su.edu.krd





araz.radha@su.edu.krd